# بانگەواز وراگـەیانـدن لە قورئـاندا

[ کردي – کوردی – kurdish ]

دایکی خالید (سمیە عبد اللە )

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# الدعوة والإعلام في القرآن

« باللغة الكردية »

سمية عبد الله

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# بانگەواز وراگـەیاندن لە قورئاندا

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ودرود وسەڵات وسەلام لـەسەر پێشەوای موسڵمانان محمد المصطفى وئەهل وبەیت وهاوەڵ بەرێزەکانى هەتا هەتایە .

بانگەواز وراگەیاندن پەیوەندیەکى بە هێزو پتەویان بە ئیسلامەوە هەیە، نەك هەر ئەوەندە و بەس بەڵکو پێویستیان بە یەکترى هەیە یان بە مانایەکى دیکە بڵێین پرکەرو تەواوکەرى یەکترن، جا لەبەر ئەوە هەر موسڵمانێك پابەند بێت بە ئایینەکەى و فەرمان بکات بە چاکەو دووربکەوێتەوە لە خراپە، ئەوە کەسێکى بانگەوازخوازە و لە هەمانکاتیشدا راگەیانکارە.

زۆر لە ئایەتەکانى قورئانى پیرۆز و فەرموودەکانى پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلم) داوایان کردووە موسڵمانان ببنە بانگەوازخوازێکى راگەیاندکار، هەتا واى لێهاتووە نەتەوەى

ئیسلام بە هەموو چین و توێژەکانەوە مێژووەك تومار بکەن بۆ نەوەی داهاتوو و ببنە چیرۆکێکی خۆش لەو بوارەدا.

بانگەواز و راگەیاندن لە قورئاندا-:

قورئانی پیرۆز پەیامێکی خواییە بۆ گشت جیهانیان، وە هەروەها موعجیزەیەکی گەورە و پەیامێکی راگەیاندنی نەمریشە لەلای نەتەوەی ئیسلام، و هیدایەتدەر و رێنمایکەرو دەستورێکی گشتیشە، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە شوێنهەلگری ئەو ئایینەن.

قورئان پەیرەو پرۆگرامێکی تەندروستە بۆ پەیوەندی کردن بە هەموو مرۆڤایەتی بەبێ گوێدانە رەنگ و رەگەز، هەروەها قسە لەگەڵ دڵەکان و روح دەکات و تەزکیەی دەرونیش دەکات بۆ ئەوەی تاك ئامادە بکات بە ئامادەکردنێکی رەبانی بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی شیاو هەتا بتوانێت جیهان ئاوەدان بکاتەوە، وچارەسەری کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتی وئابوریەکان

بەشێوەیەکی زانستی بکات، بەوەش ڕەزامەندی خوای گەورە بە دەست بهێنێت و لە دوارۆژدا بەختیاری هەمیشەیی بۆ خۆی مسۆگەر بکات بە هەشتی هەمیشەیی بەدەست بهێنێت، خوای گەورەش زانایە بە کاروکردەوەکانی دروست کراوەکانی هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ [الملك ١٤] .

خوای گەورە لە قورئاندا باسی موعجیزەی پێغەمبەرانی پێشوومان بۆ دەکات سڵاوی خوایان لی بێت وەگو موعجیزەی گۆچانەکەی موسا پێغەمبەر (عليه السلام) وە موعجیزەی عیسا پێغەمبەر (عليه السلام) چاکردنەوەی پەلەك و نابیناو زیندووکردنەوەی مردوو بە ئیزنی خوا، ئەوانە هەمووی دەسەڵاتی خوای گەورە بووە لەسەردەستی پێغەمبەرەکان هاتۆتەدی لە چوارچیوەی سنورێکی دیاریکراوکان و شوێنێکی دیاریکراو، کە باسکردنیان هەتا هەتایە دەمینێت، بەڵام موعجیزەی قورئان صیفەت و تایبەتمندی نەمری هەیە، کە

صیفاتێکی ئەزەلیە، خوای گەورە بریاری داوە کە پارێزگاری لە قورئانەکەی بکات بێ ئەوەی کەس بتوانێت ووشەیەکیش لەو قورئانە بگۆرێت، هەڵبەتە ئەوەش راستگۆیەکی دیکەیە لەسەر پەیامە پیرۆزەکەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە خوای گەورە دەفەرموێت :﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴾[الحجر ٩] .

واتە: بە راستی هەر ئێمە ئەو قورئانەمان دابەزاندوە و بێگومان هەر ئێمەش پارێزگاری دەکەین و (نایەڵین دەستی خیانەتکار هیچ جۆرە دەستێکی تێ بخات و هەموو هەوڵێك بۆ دەستکاری کردنی نەزۆکە) لە شوێنێکی دیکە دەفەرموێت:﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءكُم بُرْهَانٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ نُورًا مُّبِينًا﴾ [النساء : ١٧٤] .

واتە: ئەی خەڵکینە بە راستی لە لایەن پەروەردەگارتانەوە بەڵگەو نیشانەی ئاشکراتان بۆ هاتووە کە محمد پێغەمبەر

(صلى الله عليه وسلم) و نوورو روناكيەكى ئاشكراشمان بۆ دابەزاندون كە قورئانە.

هەر پێغەمبەرێك خواى گەورە ناردبێتى لەگەڵ پەيرەو پرۆگرامەكەى موعجيزەشى پێداوە، وەكو دار عەساى موسا، و چاكردنەوەى كوێرو بەڵەكى عيسا سەلامى خوايان لێبێت، وە موعجيزەى پێغەمبەرى خۆمان (صلى الله عليه وسلم) بە پارێزكراوى ماوەتەوە كە قورئانە و بەو شێوەيە وەسفى دەكات (كتێبى خوا هەواڵەكانى پێشووى تێدايە، خەبەرى دواى ئێوەشتان بۆ دەڵێت، دادوەرى نێوانتان دەكات، ئەوەى ئيشى پێبكات پاداشتى دەدرێتەوە، وە ئەوەى حوكمى پێبكات دادپەروەر دەبێت، ئەوەى بانگەوازى بۆ بكات هيدايەت دەدرێت).

قورئان بانگەواز وراگەياندنێكە بۆ گشت جيهانيان و تێكۆشانێكى گەورەشە، ئايەتە مەكيەكان كە بانگەوازێكى

راگەیاندنی تێدابەدی دەکرێت خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾[النحل ١٢٥] .

واتە: ئەی پێغەمبەر، ئەی ئیماندار بانگەواز بکە بۆ لای بەرنامەو رێبازی پەروەردەگارت بە حیکمەت و دانایی بۆ هەندێك ئاموزگاری جوان و بەجێ، بۆ هەندێکی تر گفتوگۆ موجادەلە بەجوانترین شێوە، لەگەڵ هەندێکی تردا بە تایبەتی خاوەن کتێبەکان چونکە بە راستی پەروەردەگارت هەر خۆی زانایە کە کێ گومرایە هەروەها خۆشی زانایە بە هیدایەت وەرگران، کە چۆن پەیامەکەی خۆی دەگەیەنێتە دروستکراوەکانی خۆی بۆ ئەوەی فێری شێوازی ئارامگرتن و نەرمیان بکات و بەکارهێنانی گفتوگو بە شێوەیەکی سەلمێنراو بەڵگەی بەهێز هەروەکو خوا دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هَـذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَاْ وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللّهِ وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾[یوسف ١٠٨]

.

نابێت راگەیاندنمان لە بیر بچێت کە زاراوەیەکی نۆییە کە ئەوە تەواو بەزاراوەی بانگەواز دەچێت، وە هەندێك لە لێکۆڵەرەوان لایان وایە هەردووکیان یەك مانایان هەیە وە زۆر ئایەتی قورئانی هەیە بەو مانایە هاتووە بەهەمان دەربڕین، هەروەها لە قورئاندا گەلێك وشەی دیکەی بەمانای راگەیاندن هاتووە وەکو بانگ واتە راگەیاندن، وەك ئەو ئایەتانەی هاتووە وەکو : ﴿وَأَذَانٌ مِّنَ اللّٰهِ وَرَسُولِهِ إِلَى النَّاسِ يَوْمَ الْحَجِّ الأَكْبَرِ أَنَّ اللّٰهَ بَرِيءٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ وَرَسُولُهُ فَإِن تُبْتُمْ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللّٰهِ وَبَشِّرِ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾[التوبە٣] .

واتە: ئەوە بانگەواز و راگەیاندنێکە لەلایەن خواو پێغەمبەرەکەیەوە بۆ هەموو خەڵکی، لە رۆژی حەجی گەورەدا کە بە راستی خواو پێغەمبەرەکەی بەرین لە موشریك و هاوەڵگەران، جا ئەگەر ئێوە تەوبە بکەن و بگەرێنەوە لە بێباوەری ئەوە چاکترە بۆتان، خۆ ئەگەر هەر یاخی بن و پشت هەڵکەن ئەوە چاك بزانن بە راستی ئێوە دەسەوسانکەری خوا

نین و لە دەسەڵاتی دەرناچن، و موژدە بدە بەوانەی کە بێباوەر بوون بە سزایەکی پڕئێش و ئازار). هەروەها لە سورەتی بەقەرەدا دەفەرموێت : ﴿ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ لاَ تَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ ﴾[البقرة ٢٧٩] .

واتە: خۆ ئەگەر وانەکەن، ئەوە جەنگ لەگەڵ خواو پێغەمبەردا رابگەیەنن، کە سەرئەنجامەکەی زۆر سامناکە، خۆ ئەگەر تەوبە بکەن و لە سوو خۆری وازبهێنن، ئەوە تەنها سەرمایەکانتان بۆ هەیە وەری بگرنەوە نەستەم دەکەن لە قەرزارەکان، نە ستەمتان لێ دەکرێت.

ناکرێت دیسان وشەی راگەیاندن بشارینەوە کە زۆر لە ئایەتەکانی قورئان بە فەرمانی (قل) دەست پێدەکات واتە ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) راگەیاندکراوی خوایان پێ بڵێ، هەتا. فەرمانی (قل) بە چاوگەکانیەوە (مشتقات) لە قورئاندا نزیکەی (١٧٠٠) جار دووبارە بۆتەوە، جا لەو روانگەیەوە

موسڵمانانی پێشوو کە بانگەوازخوازی خواوکتێبەکەی و پێغەمبەر بوون، هەر ئەوانە لەریزی پێشەوەی راگەیاندکارانی موسڵمانان بوون کە زۆر راستگۆ دڵسۆز بوون بۆ بڵاوکردنەوەی ئاییینی خوا لە هەموو جیهاندا، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە قورئان جگە لە پیرۆزی خۆی بەهاو چەمك و هەواڵی لە خۆدا گرتووە، ئەوە بۆتە هۆكارێك بۆ راگەیاندکارانی ئیسلام کە بتوانن زاڵ بن بەسەر عەقڵ و هۆشی خەڵکانی دیکە، پێغەمبەریش (صلی اللە علیە وسلم) پشتی بەو قورئانە بەستبوو کە پەیامەکەی خۆی رابگەیەنێت، کە ئەوەش یەکەمین شێوازی راگەیاندن بوو لە ئیسلام بۆ نموونە کاریگەری (موصعەبی کوری عومەیر) کاتێك ناردی بۆ مەدینە تاکو خەڵکی فێری قورئان خوێندن بکات، وە هەروەها خوێندنی قورئانی (ئەبوبەکری صدیق) لەسەر ئافرەتانی قوریشی ومنداڵەکانیان، هەروەها لەپاش مردنی پێغەمبەریش (صلی اللە علیە وسلم) یاوەرانی گرنگیان بە خوێندنی قورئان دەدا و

ماموٚستایان دادەمەزراند بوٚ ئەوەی قورئان فێری خەڵکی بکەن، کەواتە دەتوانین بڵێین راگەیاندنی ئاییینی خوا لە قورئان سەری هەڵداوە، بوٚیە دەتوانین چەند ئەنجامێکی لیٚ بەدەست بهێنین-:

یەکەم : بانگەوازی قورئان بوٚ گەیاندنی ئاییینی خوایە بوٚ هەموو مروٚڤەکان، بەبیٚ زوٚر لێکردن بەڵکو بە چاکەکردن بەرامبەریان بەرێگایەك بوٚ ئەوەی نزیکبونەوەیەك هەبێت خوا دەفەرموێت لە قورئاندا :﴿ وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلاَمَ اللّه ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَعْلَمُونَ ﴾[ التوبة : ] .

واتە: خوٚ ئەگەر کەسێك لە هاوەڵگران داوای پەنای لیٚ کردی ئەی پێغەمبەری خوا (ئەی ئیمانداران) ئەوە توٚش پەنای بدە هەتا گوێی لە فەرموودەکەی خواو قورئان دەبێت، پاشان بگەیەنە ئەو شوێنەی دەیەوێت و ماڵ و گیان ژیانی تێدا

پارێزراوه ئەم میهرەبانیه لەبەر ئەوەیە کەسانێکن نازانن خواناسی چیه!

دووەم : راگەیاندن لە قورئان هاندەرێکە بۆ نەهێشتنی تاوانی (شەروال پیسی) زینا، یاخود هەر هیچ نەبێت کەمکردنەوەی ئەوکارە نارێکە لەناو خەڵکیدا ،سزای ئەو کەسانەی ئەوکارە دەکەن لەبەرچاوی خەڵکی حەدیان لێ دەدرێت و مرۆڤیش بە سروشتی خۆی کاتێك دەبینێت چۆن سزای ئەو کەسانە دەدرێت، خۆیان لەو کارە دەپارێزن خوای گەورە لەم باریەوە دەفەرموێت : ﴿ الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾[النور٢] .

واتە: سەد قامچی لەهەر یەك لە ئافرەت و پیاوی زیناکەر بووەشێنن، بەزەیی نەتانگرێت لە بەجێهێنانی فەرمانی خودا

بۆیان، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هێناوە، با دەستەیەکیش لە ئیمانداران ئامادەی سزاکەیان بن.

ئیسلام دەیەوێت ڕای گشتی دروست بکات بەرامبەر بە تاوانی زیناوداوێن پیسیو مەترسیەکانی، ئەمەش شێوازی دروست کردنی تیۆری ڕای گشتیە لەقورئان وکتێبەکەی خوای گەورەدا .

سێهەم : قورئان فەرمانمان پێ دەکات کە هەر هەواڵێك پەیوەندی بەهێمنی ئاسایشەوە هەبوو بگەڕێنینەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَإِذَا جَاءهُمْ أَمْرٌ مِّنَ الأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُواْ بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُوْلِي الأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلاَ فَضْلُ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لاَتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلاَّ قَلِيلاً ﴾[ النساء: ٨٣] .

واتە: خوای گەورە ڕەخنە دەگرێت لە هەندێك ئیمانداران هەر کاتێك هەواڵێکیان بۆ بێت دەربارەی ئاسایش و هێمنایەتی یاخود ترس و بیم بڵاوی دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی بیر لەسەر

ئەنجامەکەی بکەنەوە، خۆ ئەگەر بڵاویان نەکردبایەوە، بیانگێرابایەتەوە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) یان ئەو کاربەدەستانەی کە لەخۆیانن، ئەوە ئەوانەی لە نهێنی هەواڵەکە دەگەیشتنن و دەکۆڵینەوە و رازەکانیان لێ دەردەهێنا، جا ئەگەر فەزڵ و چاودێری خواو رەحمەت و میهرەبانیەکەی نەبوایە شوێنی شەیتان دەکەوتن جگە لە کەمێکتان نەبێت .

ئەو وتارە لە سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئاراستەی یاوەرەکان کراوە، داوا دەکات کە بانگەوازو دەستاودەست کردنی هەواڵ کە پەیوەند بێت بە هێمنی و ئاسایش، پێویست ناکات و بەڵکو بیگەینە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) یان کاربەدەستی موسڵمانان تاکو ئەوانیش هەستن بەکارێك کە لە بەرژەوەندی بالآی نەتەوەدا بێت، بەلآم ئەمرۆ گواستنەوەی هەواڵ دەبێت بدرێت بە لایەنی پەیوەندیداری فەرمی و تایبەت بەو کارە.

چوارەم : شێوازی خستنە رووی تاوان لە قورئان جیاوازە لە شێوازی خستنەرووی هۆکارەکانی راگەیاندنی ئەمرۆ، چونکە ئەوەی ئەمرۆ زۆر درێژی دەکاتەوە، بەڵام قورئان بە جۆرێك دەیخاتە روو کە کورت و پوخت بێت و نەچێتە ناو درێژەی باسەکە بۆ نمونە لەگێرانەوەی چیرۆکی پێغەمبەر ئیبراهیم سڵاوی خوای لێ بێت کاتێك هەڵیاندایە ناو ئاگر هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قَالُوا حَرِّقُوهُ وَانصُرُوا آلِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ* قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَى إِبْرَاهِيمَ * وَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَخْسَرِينَ ﴾[ إبراهيم : ٦٨ -٧٠] .

واتە: هەندێك وتیان ئیبراهیم بسوتێنن و پشتیوانی لە خواکانتان بکەن، ئەگەر ئێوە شتێکتان بۆ دەکرێت، خوای گەورەش دەفەرمووێت ئێمەش فەرمانمان دەرکرد و وتمان ئەی ئاگر ساردو سەلامەت بە لەسەر ئیبراهیم، هەر چەندە ئاگر سوتێنەرە بەڵام بە فەرمانی خوا توانای سوتاندنی نەما ئەگەر خوای گەورە فەرمانی سەلامەتی نەدایە ئیبراهیم لەناو

ئاگرەکە سەرمای دەبوو، ئەوانە ویستیان پیلان بگێرن دژی ئیبراهیم، ئەمجا ئێمەش ئەوانمان بە رەنجەڕۆتریت کەس گێرا .

قورئان زۆر بە کورتی پوختی پیلان و تاوانی کافرەکانمان بۆ باس دەکات کاتێك بتەکان شکێنران بە دەستی ئیبراهیم پێغەمبە (سلاوی خوای لێ بێت) بە یەك وشە (حرقوه) دوایی زۆر بە خێرایی دێتە سەر باسێکی خێرا ئەویش سەرکەوتنی حەقە بەسەر ناحەقدا، وەك لەکۆتاییەوە دەفەرموێت : ﴿ وَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَخْسَرِينَ ﴾ .

پێنجەم : چیرۆکی یوسف پێغەمبە (سلاوی خوای لێ بێت) لەگەڵ براکانی ئەو کاتەی باوکیان رێگەی دان لەگەڵیان دەرچێت : ﴿ فَلَمَّا ذَهَبُواْ بِهِ وَأَجْمَعُواْ أَن يَجْعَلُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمْرِهِمْ هَـذَا وَهُمْ لاَ يَشْعُرُونَ ﴾[یوسف :١٥] .

جا كاتێك سەرئەنجام باوكیان رازی كرد یوسفیان برد و هەموو هاتنە سەر ئەو بریارەی كە بیخەنە ناو تاریكایی بیرەكەوە، لەو كاتەدا نیگامان بۆ نارد هەواڵی ئەم بەسەرهاتە بەبراكانت دەدەیت كاتێك ئەوان ئاگایان لە خۆ نابێت و لە بیریان چۆتەوە و هەستی پێناكەن .

ئەوەی قورئان لێرەدا مەبەستیەتی پێمان بڵێت ئەوەیە كە چۆن هەموویان رێككەوتن كە بیخەنە بیرەوە، ئیتر باس لەوە ناكات بە چ شێوەیەك و بە چ فێڵێك چۆن فرێ دراوەتە ناو بیر، بۆیە دەبینین قورئان بە شێوەیەكی خێرا دەمانباتەوە سەر ئەوەی كە دیسان چۆن هەق سەركەوت بەسەر ناهەقدا .

خوای گەورە بەناوە جوان وپیرۆزەكانی خۆت داوات لێ دەكەین كە هەق بەسەر ناهەق و باتڵدا سەربخەیت وجارێكی تر عیزەت وسەربەزری بگێڕیتەوە بۆ ئوممەتی ئیسلام وموسڵمانان .